


# تەنیا بە کورتەنامەیەک زانیاری سەر کۆمپیوتەرەکەت بسڕەوە

ئێستا زانیاری و داتاکانی شەخسی بوونەتە دیجیتالی، وێنە و دۆکیۆمێنت و فیلم و داتای گرنگ هەمووی لەسەر لاپتۆپەکەت خەزن کراون، بە تێکچوونی لاپتۆپەکەت رەنگە زۆربەی داتاکان بسڕدرێنەوە، سڕانەوەی داتاکان بەقەد ئاشکرابوونی و دزەکردنی داتا شەخسییەکان گرنگ نین، بۆ نموونە گەلێك نهێنی هەن کە لەناو لاپتۆپەکەتدا هەڵتگرتووە، کەچی یەکێك بەمەبەست لاپتۆپەکەت دەدزێت و مەبەستیشی دەستڕاگەیشتن بە داتا نهێنییەکانتە، لە کاتێکی وادا چ دەکەی؟

میمۆرییە گرنگەکانی SSD کۆمپانیای سکیڤێر درایڤ کە لەبری هارد لە لاپتۆپە نوێیەکاندا دادەنرێن، باشترین هەڵبژاردەیە، چونکە بەناردنی کورتەنامەیەك بۆ لاپتۆپەکەت هەرچی زانیاری سەریەتی دەسڕێتەوە. ئەویش چ سڕانەوەیەك کە بە هیچ پڕۆگرامێکی هێنانەوەی زانیاریش ناگەڕێندرێنەوە، واتە سڕانەوەی یەکجارەکییە.


ئەگەر لاپتۆپەکەت هی کۆمپانیا بێت و هەڵگری دەیان ژمارەی حیسابی بانکی بێت، ئەوکات دەزانی سڕانەوەی داتاکان چ گرنگییەکی هەیە. ئەگەر کورتەپەیامەکەش بە لاپتۆپەکە نەگات، دیسان قفڵی سەر لاپتۆپەکە بەهیچ جۆرێك ناکرێتەوە، ئەگەر نیازیان هەبێت بە شێوازی تایبەتی بیکەنەوە دیسان زانیارییەکان دەسڕدرێنەوە.



# ماوس لە شێوەی قەڵەم

زۆر جاران باسی گرنگی ماوس واتە (مشکۆك)ەی کۆمپیوتەرمان کردووە، ماوس کلیلی کردنەوەی دەرگای کۆمپیوتەر و فەرمان و کردارەکانی کۆمپیوتەرە، بەبێ ماوس، یان جێگرەوەیەکی باشی ماوس ناتوانرێت بە باشی سوود لە کۆمپیوتەر وەربگیرێت. ماوسەکان جۆر وشێوەیان جۆراوجۆرە و هەر هەمووشیان لە کاردا وەك یەکن. ئەگەر تۆی بەکارهێنەری ماوس حەز دەکەی هەمیشە لەکاتی کارکردنیشدا قەڵەمت لە دەستدا بێ، ئەوە ماوسی جۆری Pe-clic Bluetooth Mouse B2 زۆر گونجاوە، ئەم ماوسە قەڵەمێکی بلوتوسییە. لە نوکی پێنووسەکە تۆپێکی بچووکە کە هێمای ماوسی سەر کۆمپیوتەرەکە دەجوڵێنێت. پێنج دوگمەشی بۆ داندراوە کە هەر کام فەرمانی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدەن، وەك کلیکی لای راست، کلیکی لای چەپ، سکرۆل، بڕین و پێوەنووسان ئەنجام دەدەن، ئەو شوێنەی ماوسەکەی لەسەر دادەندرێ هەم ماوسەکە رادەگرێ و هەمیش ماوسەکە شەحن دەکاتەوە.


# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز پرسیار دەکات، پێشووتر لەسەر مۆبایلەکەم ئەپلکەیشینی viber هەبوو و بەباشی سوودم لێوەردەگرت و کێشەی نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی مۆبایلەکەم تووشی کێشە بوو فۆرماتم کردەوە، کاتێك Viber م داناوە، کاری نەکرد.

خوێنەری بەڕێز، سیستەمی Viber ئێستاکە شوێنی خزمەتگوزاری مۆبایلی گرتۆتەوە، زۆربەی خەڵك بەکاری دێنن، ئەو گرفتەی باسی دەکەی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یان ئەوەی کە ڤێرژنی کۆنی ڤایبەرت خستۆتە سەر مۆبایلەکەت، چونکە ڤێرژنی کۆن لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆیدی نوێ یەك ناگرنەوە.. یان ئەوەی کە لە دانانەوەدا کۆدی ئەکتیڤت لەبیر چۆتەوە..




# سپیکەرێک گوێ لە فەرمانی خاوەنەکەی دەگرێت


کۆمپانیای ئامازۆن، سپیکەر واتە (بڵندگۆ) یەکی بەرهەم هێناوە کە فەرمانە دەنگییەکانی بەکارهێنەرەکەی دەبیستێ و ئەنجامی دەدات، ناوی ئەم بڵندگۆیە (ئیکۆ)یە و ڕەنگە لەم ماوەیەدا بکەوێتە بازاڕەوە. ئیکۆ بەردەوام پەیوەندی بە خزمەتگوزاری کلۆدەوە هەیە، (کلۆد) بەو خزمەتگوزارییە دەگوترێت کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زانیارییەکان هەڵبگیردرێن و بەهۆیەوە زانیاری سەبارەت بە مۆسیقی، هەواڵ و زانیاری، کەش و هەوا بە بەکارهێنەرەکەی ڕابگەیەنێ. بۆ نموونە بەکارهێنەر بەدەنگی خۆی فەرمان دەکات، فڵانە گۆرانی کە لە سایتی ئامازۆندا هەڵگیرابێت، بڵاو بکاتەوە. یان پێی بڵێت کەشوهەوای فڵانە شار چۆنە... ئەم ئامێرە حەوت مایکرۆفۆنی تێدایە تەنانەت ئەوکاتەی کە گۆرانیش بڵاودەکاتەوە دەتوانێت دەنگی بەکارهێنەرەکەی ببیستێ.

# کاتژمێرە کۆنەکەت بکە بە کاتژمێرێکی زیرەک

کاتژمێرە ژیرۆکە نوێیەکان بوونەتە یەکێك ئامێرە بەرچاوەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم، ئەم کاتژمێرانە چەند خزمەتگوزاری و تایبەتمەندی نوێیان تێدایە کە زۆر جاران هەر لەم لاپەڕەی ئایتیدا باسمان کردووە، بەڵام ڕەنگە حەز نەکەن کاتژمێرەکەی دەستتان بە کاتژمێرێکی ژیرۆك بگۆڕنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەن کاتژمێرە کۆنەکەتان تایبەتمەندی کاتژمێرێکی ژیرۆکی نوێی هەبێت، بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم زنجێرێکی یان قایشێکی نوێی کاتژمێریان چێکردووە کە هەموو تایبەتمەندی کاتژمێرێکی زیرەکی تێدایە و دەکرێت کاتژمێرەکە کۆنەکەت لەو بخەی..

زنجیر، یان قایشەکەی کاتژمێر بەناوی (T-band) کەوتۆتەبازاڕ و سێ جۆری هەیە. جۆری -ND .HD- OD

جۆری ND شاشەی نییە، بەڵام باترییەکەی هەتا هەفتەیەك شەحنەکەی دانابەزێت. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، سیستەمی GPS هەیە، چاودێری خەو، چاودێری تەندروستی بە سوود وەرگرتن لە هەستەوەری GRS گەرمی لەش نیشان دەدات، بەڵام جۆری HD شاشەیەکی نا دیاری هەیە، کاتێك ئاگادارکردنەوەیەك دەدات، شاشەکە پێدەبێ، زانیاری پێویست دەداتە بەکارهێنەرەکەی و تەنیا توانای نیشاندانی دەق و ژمارەی ئینگلیزی هەیە. جۆری OD شاشەیەکی لەمسی لەسەرە، مایکرۆفۆنی هەیە و پەیڤەکان دەکاتە نووسین.



# لەم سایتەدا فیلمەکانتان بکەن بە HD

لە سایتی http://cameo.tv/ دەتوانن کورتە فیلم دروست بکەن، دەتوانن گرتە ڤیدیۆیەکان کە بە مۆبایل گرتووتانە بەهۆی ستایل و ئێفێکتی سەرنج ڕاکێشی ڤیدیۆیی لەم سایتەدا بکەی بە کورتە فیلمێکی جوان و سەرنجڕاکێش. لەم سایتەدا ئێفێکت و فۆنتەکان هەموویان بێ بەرامبەرن. دوای دروستکردنی فیلمێکی باش بە کوالیتی HD لە ئامێرەکەی خۆتدا خەزنی بکە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئینستاگرام یا یوتیوبدا شێری بکە.